# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

**لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە ڕێی کرانەوە و پەیبردنن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەتەرناك دادەنریت بۆ داهاتەی ئەم ولأتە، ئایە ئەم پەراویزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێڕوانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەلأتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەلأت چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێڕوانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی ولأتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.**

**ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەڕو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگمە و لە ڕێگەی رۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەڕو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە ڕێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە ڕوو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا دوبارە بونەتەوە.**

**سازدانی تەوەر : ڕێبوار ڕەزا چوچانی :** rebwarreza1983@yahoo.com

..........................................................................................

" 7 "

## گەنج و کێشەکانیان

**دیاری قەرەداغی**



**حەقێکی سروشتییە کە سەراپای هۆکارەکان بۆ دەرگای دەسەڵات بەرین، بەڵام ئەوانە کێن کە ئەم گرفتە لە باشترین شێوەیەدا باس دەکات؟ ئایا دەبێت ئێمەی گەنج بین یان هەموو یان هیچمان؟؟ تۆ بڵێی کە هاتە باسکردنیش ئەو هەموو گوێچکە پر دیموکراسییە لە کوێ بهێنین بۆ گوێگرتن؟؟. لێرە زەبرەکان زۆرو کاریگەرن بۆ ئەوەی تۆ بێنێتە قسە،بۆ ئەوەی دەیان خەم بە با بکەیت، بۆ ئەوەی خەمخۆرانە شەونخونی بکەیت بۆ سەرخستنی پرۆژەیەك. لێرە کایەکە ئەوەندە تراژیدیی و مەترسیدارە کە دەشێ دەمێکی بێ زمان بێنێتە قسە و دەیان وتاریشت پێ هەڵبرێژێت.**

**بەڵام خۆ دەبێت بزانین دەسەڵاتی کوردی زادە و بەرهەمی چ بارێکە. عەیب نییە لەوە نەگەین کە سروشت و هەڵکەوتی ئەم دەسەڵاتە لە چ ڕەگێکەوە چرۆی کردووە..**

**ئێمەی کورد بە تایبەت گەنجان ولاوان چ تەفسیرێکی مەنتیقیمان هەیە بۆ خوڵقاندنی کەسایتییەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی؟**

**ناکرێت بڵێین لەم ناوچەیەدا هەر گەنجە باشترین کارگەیە بۆ وەبەرهەمهێنانی کاریزما؟**

ئەمانە پرسیار گەلێکن لەبەردەم (بت و دروستکەری بتەکان) کە ساڵەهایە داهێنان دەکەین لە داتاشینی و لەدوایشدا نازانین لە چ قوژبنێکدا لەبەر چرچ و لۆچی و پیریان بیانشارینەوە..

مەگەر شۆڕشەکان هی گەنج نەبوون؟

مەگەر وێنەی شەهیدەکان هی گەنج نەبوون؟

مەگەربێدەرەتانەکان هەر گەنج نەبوون؟

مەگەر ئەوانەی کەوتنە ناو بۆسەوە گەنج نەبوون؟

ئەی یاداشتەکانی سەر دیواری زیندانەکان هی کێ بوو؟ گەنج نەبوون؟

ئێمە شۆڕشمان بە گەنجی و دەسەڵاتمان بەدار شەقێکەوە بەرێکرد..

ئێستاش وا دەزانین کارمامزە تیژڕەوەکەی سەر دوند دۆڵ و هەردو شاخانین؟

ئێستاش دەستبەرداری ئەو نەزعەیە نابینەوە کە ئێمە کردمان و دەستمان خۆش بێت، هەر خۆشمان دەیخۆین نۆشمان بێت..

لەسەرێکی تریشەوە گرەنتی چییە تۆش ئەی گەنج کە نابیتە بتێکی قۆزو قەشەنگ بۆ پەرستن؟

تۆیەك ئێستاش شەڕی دوو پول نەسریە دەکەی چ گرەنتییە بۆ هەڵگرتنی خەمی میللەتێك کە تا بینەقاقای کێشەیە؟

تۆیەك لە چاوتروکانێکدا دوو وێنە پیشان دەدەیت هەم دژی دەسەڵاتم هەم کوڕی دەسەڵاتم!!

ئەمەی من بێئومێدی نییە هاوکاتیش گوزارە نییە لە خەم و پرسی سەرجەم گەنجان، خۆ ناکرێت سەراپای گەلێك لە بێهۆشی و گوێنەدان و هەڵهاتن ئەژمار بکەین..

ئەمە تەنها ستەمە دەکرێت و هاوکاتیش دانەوەی چاکەی گەنجە لە مێژوویێکی دیاریکراودا، ئەمە سزایەکە بۆ غەفڵەتی قۆناغێك کە گەنج نەیزانی خۆی کۆك بکات و شەڕی داهێنان و زانین و دەسکەوتە مەعریفییەکان بکات..

ئەمە کەوتنە خوارەوەیە لەو شوێنەی بێ بەرنامەیی گەنجیان لێدانا..

ئەمە تۆران و غەزەبی سیاسەتە لە لاو لە کوڕو کاڵی چەك بەشان لە هەموو ئەو شیعاراتانەی کە کەللەی هەزاران گەنجی پەڕاند و هەزاران ماڵیش پەراگەندە بوون، ئەمە شەڕی دوو نەوە نییە (پیر، گەنج) بە هێندەی شەڕی سڕینەوەی عەقڵی گەنجە بە تاقمێکی عاقڵترو فێڵزانتر بەڵام کڕدراو.

تۆ ئەی گەنج لە نێو عەشیرەتدا تەماشای باڵای خۆت کردووە؟؟، هەمیشە تۆ وەستاو و باوان دانیشتوون، ئەوان شاخ و تۆش کڕنوش، باوك چ پارتێك بێت تۆ بۆی دەجەنگی، رازیت چۆن رازی بوونێکت بە پاوانکردنی خێڵەکەت..

نە ئەلفێك نە یایێك هی تۆ نییە، بەردەوام خەسیوو زەعیف لە بەردەم سەرەك هۆز..

بۆیە میحنەتی گەنج لە بەرەبەیانی ماڵە باوان و باپیرانەوە دەستپێدەکات..

لە نەڕەی قارەمانێکی جەربەزەی خانەوادەوە ئیتر (گوو) دەکرێتە چی عیلم و زانست و ئەخلاقە کە لە تۆی مەکتەبلیدا هەیە.

یان لەکردنەوەی ساختە باوەشی ئەو دایکانەی بۆ کوڕێکی بەرهەمهێنی کردەو نەبەز کە لە خشتەی پێناسەی

ئەواندا وەهایە: (( ئەو کوڕەی لە ئەرزی ڕەق نانم بۆ پەیدا بکات)) ئیتر لێرەوە گەنج جگە لە پەرژەوەندییە مادییەکان شتێکی تری لا بەرجەستە نابێت، بۆیە بەردەوام کارئەکتەری ئاغاو وێنەی کوێخایانەیە لە نێو ماڵیدا خەون و ئاواتە..

لێرەوە دەسەڵات هەردەم تۆ بە وێنەیەکی فوتۆکۆپی خۆی دەزانێت، بۆیە بەردەوام ئازاری تۆ دەدات چونکە دەستی ناچێتە خۆی.

من هەمیشە سەرزەنشتی خۆم دەکەم کە پێشنیارێکی من ترۆ دەکرێت کەچی هەمان پرۆژەی من دوای ساڵێك سیاسییەك دەیخاتەوە روو، کەچی لەبەرامبەریدا دەیکەنە پرۆژەیەکی مێژوویی و دنیا دێننە خوارەوە رۆژانە هەرچی کەناڵە ئاماژەی پێدەکات، دەزانی بۆ؟؟

بۆ ئەوەی بەردەوام هێزێکی چەپێنەر ئامادە بێت لێت وەرگرێ و لێشت بدات..

هەمیشە لە نێو توێژە جیاجیاکانی گەنجان و لاواندا لە هونەر، لە وەرزش، لە ئەدەب و رۆشنبیری و لە راگەیاندن، لە زانکۆ، لە مزگەوت، لە ئاسمان..

سەدان گەنجی رزیو نوێنەرایەتی دەکەن تا رووەکان لە بۆگەنترین شێوە بگاتە لوتی کۆمەڵ و دەسەڵاتیش بە قەشمەرییەوە پێمان بڵێت ئێوە ئەی روو زەردترین چینی کۆمەڵ سڵاو.

گەنج بە ئاکامێکی خراپ گەیشتووە کە خۆی بەشدارە لە سازکردنی، هەر خۆی دۆستەو خۆشی نەیارە، ئەو دەمەی گەنج هەڵدەچێت بێ هیچ پلانێك، کۆچ دەکات..

بە حساباتی گەنج خۆی گەورەترین گورز کە هاوێشتبێتی شکست هێنانە بە رۆشنبیریی و شەقهەڵدانە لە کوردایەتی و وازهێنانبوو لە خوێندن و زانستە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تێکشکاندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پشتکردن لە هەموو نەریتەکان گەورەترین سیمای بەشێك لە شۆرشی گەنجان بوو، سەرهەڵگرتنی بێ پرۆژەیان، کە گشتی بە قازانجی دەسەڵات هاتەوە و نیشتمانی پێ ریسوا بوو، سەدان گەنج لەعنەتیان لە گۆرانییەکی من کرد کە خاکم تێدا خۆشویست، کە زامی خاکم تێدا نمایش کرد..ئەوان زۆرێکیان سەرزەنشتیان کردم و بەبێئاگاو ئاژەڵێك دەیانچواندم و تەماشای قەزییەکەمیان دەکرد ئەمانەش گشتی لەو پێودانگەوە بوو کە ئیتر دەبێت نیشتمان بۆ چەك لەشانەکان و کەتاقی لەبەرەکان تاپۆ بوو بێت ..

هاوکات سوڕدان لەگەڵ گۆرانییە مستەورد وبێ مەعناکان کە دەسەڵات سوارچاکی هێنانی بوون و بە خەرجییە زۆرەکانی گیرفانی ئێوەی گەنج بەرهەمهێنرابوو، کەچی ئێوە بێاگا هەڵقونینەوە بۆ سەخیفترین کلیپ، بۆ ناشیاوترین هونەر، ئێوە سەرمەستانە دیکتاتۆرتان خوڵقاند و لە وەرزێکی تری شۆرشدا پشتتان کردە شتەکان.

من دەزانم ئازاری گەنج زۆرە، کە بێ هیوایە، بێ کارە ..

ئەو کاتەی گەنجێك تەماشای باخەڵی بەتاڵی خۆی دەکات توشی دەیان قەهرو نەخۆشی دەروونی دەبێت، چونکە بەتاڵی گیرفان تەنها لای ئەو و هاورێکانیەتی، کەچی بەبەرچاوییەوە دەیان کوڕە مەسئولی منداڵ بە (عەقڵ و رەوشت و تەمەن) یاری بە پارەی میللەت دەکات و بابیشی لە ئەرز و ئاسمان مەسئولە و کورد وتەنی :" شێر بە کلك دەگرێت".

گەنج ئەو کاتە نەفرەت لە خاك و ئاسمان و خالقیش دەکات کە بەردەوام لەشاشەکانەوە موحازەرەی کوردایەتی و دیموکراسیان پێ دەفرۆشن، کەچی لەو دەمەدا ژوورە زیندانە کوردییەکان جمەیان دێ بە توێژێك کە

زۆرینەی گەنجەو لە مانگرتنێك یان خۆپیشاندانێكدا بە تۆمەتی گێرەشێوێن و سەرسەری و دەستی بێگانە گیراون..

گەنج نەفرەت لە مێژووش دەكات چونكە دەزانێت بۆ نەوەیەكی ئایندە چۆن چۆنی دەنوسرێتەوەو چۆن خیانەتكار لەپەڕەكانیدا دەبێتە قارەمان و پاڵەوان.

گەنج تف لەو عیلمە و لەو زانكۆیە دەكات كە ساڵەهایە ئەم كۆششی بۆ كردوە تا گەیشتۆتە كۆلێژێكی پێویست كەچی بە كەمترین نمرەوە شۆرشگێرێكی ناو پارتێك دەخەنە خوێندنە باڵاكان تا هەر بۆ خۆشی و كەشخەی پیتی (د)ێك بخاتە پێش ناوەكەیەوە.

من كێشەم لەگەڵ شۆرشگێران و خزمەتی بەرچاویان نییە، چاكیش دەزانم خەباتكەرو گیان لەسەر دەستی ئەم میللەتە بوون بە گژ گەورەترین رژێمی فاشی و دیكتاتۆر و عەسكەریدا چونەتەوە..

من دەزانم ئەوانە براو كەس و خاڵ و ماموانی ئێمەن . بەڵام چاكەدانەوەی خەباتكاران وەها نادرێتەوە. خۆ ئەوان شۆرشیان بۆ پێدانی زەوی و زار لەسەر حسابی رەشو رووت نەكرد. خۆ ئەوان شەهادەتیان بۆ ئەوە قبوڵ نەكرد كە ئەگەر رۆژگارێك هات ئازادی بنێژن. خۆ ئەوان شەونخونی و دەیان ئەشكەنجەی زیندانیان چەشت بۆ ئەوە بوو كە گەنجی كورد، جارێكی تر زوڵم و ستەم قبوڵ نەكات ..نەك ئێستا كورسییەكی خوێندنی كوڕە هەژارێك داگیربكات.

ئەو بزوتنەوەی گەنجانە كە هەمیشە لە نێو كۆڕو كۆبونەوەكان باس دەكرێت بەرهەمی هەوڵ و دڵسۆزییە نەك تەنها قسە كردن، بەداخەوە فشاری گەنج جۆرە مۆدێلێكە لەقسەكردن كە تەنها خواو خۆی لێی تێدەگات..

من زۆرێك نمونەی گەنجم لایە كە بە قسە ئاسمانت بۆ ماڵ دەكات و زەویشت بۆ دەكێڵێت، كەچی لە مەوعیدێكی ئیشكردنی خۆیدا كەمتەرخەمە، تەنانەت درۆ دەكات و پاساو دێنێتەوە بۆ دواكەوتن لە مەوعیدێك، كە كارێكی جدی تیا دەكرێت..

ئەم نمونانە زۆرن، زیاد لە سەدان رێكخراوی لاو و گەنج هەیە كە لەرووداوێكی چارەنوسسازدا نقەی لێوە نایەت نەبادا نان براو بێت..

كە منداڵ بووم سەیری فیلمە بیانییەكانم دەكرد، پرسیارێكم لا دروست دەبوو دەمگوت چۆن ئەو تاكە نەفەرە دەرەقەتی ئەو هەمووە دێت..

بەراستی خەریكە لە گەورەیمدا وەڵامەكەم لە كوردستانی ئازیزدا دەدرێتەوە..

ئاخر من هەرگیز یەك كەس بە ئازاتر نازانم لە كۆ دەنگی خەڵك..

بەڵام ئێمە هەڵخەڵەتاوین، وا دەزانین ئێمە یەك دەنگ و ئێمە یەك هەڵوێست و یەك چارەنوسمان هەیە..كە بە بڕوای من ئەم یۆتۆبیایە لە بیر كردنەوە توشی قەیرێكت دەكات كە زەحمەتە هاوكێشەكانی پێ چارەسەر بكەیت.